# وەقایعی کوردستان

**رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە (١٤٥)** **ساڵی دوازدەم** **٣٠/ئایار/٢٠١٢ زایینی** **٩/جۆزەردان/٢٧١٢کوردی** **٩/رەجەب/١٤٣٣کۆچی**


**لەم ژمارەیەدا :**

**145**


**بڕیاری ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٢** — **ل١**

بڕیاری بەخشینی متمانە بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١٢** — **ل٢**

رەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای (قەدەغە کردنی سواڵکردن) لەهەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی** — **ل٣**

رێنمایی بەکارهێنانی چەك (بۆ هێزی جێ بە جێ کردن) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی

**بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوی و باخچەکان** — **ل٥**

پارێزگا : هەولێر / قەزا : شەقلاوە / ناحیە : خۆشناو / کەرت ٥٨ گەرۆتە

**بەیانی ژمارە (٩-١٠-١١)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی داد** — **ل٦**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی ناوخۆ** — **ل٧**

**بەیانی ژمارە (٤٦-٤٧-٤٨-٤٩-٥٠-٥١-٥٢-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧-٥٨-٥٩-٦٠-٦١)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی تەندروستی** — **ل٧**



**ناونیشان : هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد .**

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

## الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٤٥) السنة الثانية عشرة ٣٠/ئايار/ ٢٠١٢ميلادي ٩/جوزردان/٢٧١٢كوردي ٩/رجب/١٤٣٣هجري


في هذا العدد:

145


**قرار رقم (٧) لسنة ٢٠١٢** ص ١٥

قرار منحه الثقة لوزير الثروات الطبيعية في حكومة اقليم كوردستان .

**قرار رقم (٨) لسنة ٢٠١٢** ص ١٦

رفض المقترح بقانون ( منع التسول ) في أقليم كوردستان


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٢ وزارة العمل والشؤن الاجتماعية** ص ٣

**قرار تثبيت حقوق للأراضي الزراعية** ص ٥

محافظ : هەولێر / القضاء : شەقلاوە / الناحية : خۆشناو / قطعة ٥٨ گەرۆتە

**بيان رقم (٩-١٠-١١) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل** ص ٦

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٢ وزارة الداخلية** ص ٧

**بيان رقم (٤٦-٤٧-٤٨-٤٩-٥٠-٥١-٥٢-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧-٥٨-٥٩-٦٠-٦١) لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة** ص ٧



No.:145 Date: May, 30, 2012 Vol.: 12



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٧**
**مێژووی بڕیاری : ٢٠١٢/٤/٢٣**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی برگەی (٤) لە مادده (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو . پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠١٢/٤/٢٣ ئەم بڕیارەی دا :

**یەکەم :** لەبەر ئەوەی بەڕێز (د. عبدالله عبدالرحمن عبدالله) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠١٢/٤/٢٣ سوێندی یاسایی خوارد ، ئەوا بڕیاری بەخشینی متمانە پێی بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠١٢/٤/٥ لە رۆژی ٢٠١٢/٤/٢٣ بە کاردەبێت.

**دووەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د.ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٨**
**مێژووی بڕیاری : ٢٠١٢/٤/٣٠**

## بڕیار

پشت بە حوکمەکانی برگەی ( ١ ) لە ماددەی ( ٥٦ ) لە یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ١١ )ی ڕۆژی ٣٠ / ٤ / ٢٠١٢ ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :-

**یەکەم :** ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای (قەدەغە کردنی سواڵکردن) لەهەرێمی کوردستان .

**دووەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە لە ٣٠ /٢٠١٢/٤ کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە .

**د.ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەلأیەتی**
**ڕێکەوتی : ٧ / ٥ / ٢٠١٢**

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ( ٢٠١٢ )**

بەپێ ی ئەو دەسەلأتەی کە پێماندراوە لە ماددەی ( ٤٨ ) لە سیستەمی فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەلأیەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی بەکارهێنانی چەك ( بۆ هێزی جێ بە جێ کردن ) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی**

**ماددەی ( ١ ):** بۆ کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن هەیە کە هێز بەکاربهێنن بە چەك و بێ چەك بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-

**یەکەم** / بەرگری کردن لە خوود لە کاتێکدا کە ترس هەبێت لەسەر ژیانی کارمەندانی جێ بە جێ کردن وە یاخود ڕاوە دوونانی سزادراو لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن .

**دووەم** / پارێزگاری کردن لە بەشەکانی چاکسازی .

**سێ یەم** / پارێزگاری کردن لە کارمەندانی چاکسازی وە یا فەرمانبەرانی سەر بە چاکسازی وە یان ئەو کەسانەی لە دەرەوەی چاکسازی لەو کاتەی کە لە ناو بەشەکانی چاکسازیدا دەبن وە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانیان .

**چوارەم** / پارێزگاری کردن لە سزادراوان و نەوجەوانان وە ڕێگرتن لە ڕاکردنیان لە ناو چاکسازی یاخود لە دەرەوەی چاکسازی لە کاتی ڕەوانە کردنیان بۆ دادگا یا نەخۆشخانەی یان هەر شوێنێکی تر .

**پێنچەم** / بۆ کۆتایی هێنانی بە هەر گرژی و یاخی بوونێك کە لە ناو چاکسازیەکاندا ڕوو دەدەن لە کاتی هەوڵی شکاندنی دەرگای چاکسازیەکان دەدرێت .

**ماددەی ( ٢ ):** هێز بە دەر لە چەك ، واتا بەکارهێنانی غازی فرمێسك ڕێژ - داری کارەبایی - وە یان هەر هۆکارێکی تر کە پشێوی و ئاژاوە و شەر کەم بکاتەوە وە یان کۆنترۆل بکات.

**ماددەی ( ٣ ):** بەکارهێنانی هێزی چەك لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن بە گروپ وە یان بە تاك پێویستە:-

**یەکەم** / سەرەتا گوللەی پلاستیکی بەکاربهێنرێت بۆ ووشیار کردنەوە و کۆنترۆل کردن .

**دووەم** / ئەگەر هاتوو لە دەسەلأت و کۆنترۆل دەرچوو پێویستە گوللەی زیندوو بەکاربهێنرێت گوللەی یەکەم بۆ ئاسمان و گوللەی دووەم بۆ ڕان و بەر و خوار بەکاردەهێنرێت .

**ماددەی ( ٤ ):** بۆ ڕێگە گرتن لە هەوڵی ڕاکردن بە شەو بە گروپ وەیان بە تاك ، پێویستە :

**یەکەم** / ڕووناکی پێویستە دەستەبەر بکرێت .

**دووەم** / سەرکردەی مەیدانی (مأموری ئیشکگر) بڕیاری پێویست دەدات لە چوار چێوەی تەڵبەند و دیواری دەرەوەی چاکسازی گوللەی زیندوو و تا چەند بەکاربهێنرێت بە ڕچاوکردنی بڕگەی (یەکەم) و (دووەمی) ماددەی سێ .

**ماددەی ( ٥ ):** بۆ نەوجەوانان لەو حاڵەتانەی سەرەوە تەنها هێز بەکاربهێنرێت بە بێ چەك .

**ماددەی ( ٦ ):**

**یەکەم** / پێویستە مأموری ئیشکگر راستەوخۆ لە کاتی ڕوودانی کت و پڕ پەیوەندی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە سنووری ئیدارەکەی بکات .

**دووەم** / لەسەر بەڕێوەبەر و مأموری ئیشکگر ڕاستەوخۆ لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی کت و پڕ دەست بەجێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی ئاگادار بکەنەوە ، وە دواتر ڕاپۆرتێکی گشتی لەبارەی ڕووداوەکە پێشکەش بکەن و لێژنەی لێکۆلینەوە پێکبهێندرێت .

**ماددەی ( ٧ ):** بۆ شارەزابوون لەسەر شێوازی بەکارهێنانی هێز بە چەك وە بەبێ چەك ، پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی خولی بەردەوام بکەنەوە بۆ کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن .

**ماددەی ( ٨ ):** ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

## بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوی و باخچەکان

| | | |
|---|---|---|
| ناوچە / خۆشناو | ژمارە ٥٨ کەرت | ناوی کەرت / گەرۆتە |
| ناحیە / خۆشناو | ژمارە ١٣٧پارچە | ژمارەی کەرت / ٥٨ |
| قەزا / شەقلاوە | دەرچووە بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی | ژمارەی پارچە / ١٣٧ |
| پارێزگا / هەولێر | ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ | ناوبانگی زەویەکە / رەزی همین |
| بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧رێکخراوە لە نەخشەی کادسترۆ ژمارە ٥٨/خۆشناو بە پێوانەی ١/١٠٠٠٠ وە سنووری پارچەکە نیشان دراوە . | | قۆچان (سەنەد) نیە |

مافەکانی بەچاو بینراو / مافی هاتووچۆی هەیە لەسەر پارچەی ژمارە (١٣٨) وە لەسەریەتی مافی هاتووچۆ بۆ پارچەی ژمارە (١٣٥)

| پۆلین | سیفەتەکان | رووبەر | | |
|---|---|---|---|---|
| | | مەتر دووجا | ئۆلك | دۆنم |
| خاوەنداریەتی دەوڵەت | زەوی کشتوکاڵی پشتاوە | - | ١٠ | ٨ |

ئەوانەی زەویان بۆ دەگەڕێتەوە (العائدیە) وەزارەتی دارایی و مافی رەفتارکردن بۆ ئەم عیراقیە

(محمد حویز روستم) سەربەخۆ

١- بڕیاماندا کە دەبێت سنووری ئەو پارچەیە کەچەسپاوە لە نەخشەی کادسترۆ وە لە پەراوی بەرزەفتی پشکنین لە رێکەوتی ٢٠١١/١٢/١٥ هەروەها پۆلین و سیفەتەکان و رووبەر و مافەکانی پەیوەست و پەیوەندیە تایبەتەکان و گەڕاندنەوەی هەر وەکو ئاماژە پێکراوە لە سەرەوە .

٢- هۆیەکانی پۆزەتیفی (الموجبة) دەرچوونی ئەم بڕیارە ئەوەیە : هەڵسوکەوتی چەسپاوە ئەوەی لە ژێر دەستیەتی کە لە سەرەوە ناوی هاتووە وە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵی رابردوو پێش جێ بە جێ کردنی یاسای ژمارە (٣٢ی ساڵی ٢٠٠٧) وە هیچ پارچە زەوی دیکەی نیە کە رووبەرەکەی لە رادەی یاسایی زیاتر بێ وە ئەو پارچەیە نەشیاو نیە لەگەڵ بەرژەوەندی چاکسازی کشتوکاڵی بۆیە بڕیارماندا (بەناوی ئەمیری خاوەنداریەتی دەوڵەت) تۆمار بکرێت وە مافی رەفتارکردن بۆ ئەو کەسە دەگەرێتەوە کە لە سەرەوە ناوی هاتووە بە پێ ی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (یەکەم) لەیاسای ئاماژە پێکراو ئەم بڕیارە دەکرێت ڕەت بدرێتەوە یاخود پەسەند بکرێت بە ئاشکرایی تێ گەیاندرا ٢٠١١/١٢/١٥

**پرۆفیسۆر**

**ســـیروان بـــابـــان**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

وقائع کوردستان

**وەزارتی داد**

## بەیان ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە : -

کردنەوەی فەرمانگەی دادنووس لە ناحیەی بازیان .

## بەیان ژمارە ( ١٠ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە قەزای شنگال .

## بەیان ژمارە ( ١١ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :-

گۆڕینی ( هۆبەی میلاکات ) بۆ بەشی ( میلاکات ) لە بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی دیوانی وەزارەت .

**شیروان حەیدەری**
**وەزیری داد**

## وەزارەتی ناوخۆ

### بەیان ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٢

ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٨٧١٩ لە ٢٠١٢/٤/٣ ) تایبەت بە دیاری کردنی سنووری گوندی ( دەرگەزێنی بابە علی ) و کۆنووسی ناحیەی بازیان ژمارە (١٠) لە٢٠١١/١١/١٣ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە : -

دیاری کردنی شوێنی گوندی سەرەوە و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ لەسەر پارچە زەوی ژمارە ( ١/٧ ) بە رووبەری ( ١٣ ) دۆنم و پارچە زەوی ژمارە ( ٨ ) بە رووبەری ( ١٠ ) دۆنم وەکو لە نەخشەی دیاریکراوە .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢٢ .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیان ژمارە ( ٤٦ )

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (بەشی دادی سۆران) سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/٢٩

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیان ژمارە ( ٤٧ )

بەپێی ئەو دەسەلأتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (سەنتەری هەماهەنگی فریاکەوتن ECC) سەربەکردە پزیشکیەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/٣٠

### بەیان ژمارە ( ٤٨ )

بە پێی ئەو دەسەلأتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی ( هۆبەی هێلکاری سی یەکان ) لە نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢ / ٥ / ٢٠١٢ .

**د. ڕێکەوت حمه رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیان ژمارە ( ٤٩ )

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

گۆڕینی ( بەشی IT ) بۆ ( بەڕێوەبەرایەتی IT ) لە ناو دیوانی وەزارەتی تەندروستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان .

لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢ / ٥ / ٢٠١٢ .

## بەیان ژمارە ( ٥٠ )

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی ( بەشی سەرچاوە مرۆییەکان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە ناو وەزارەتی تەندروستی .

لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢ / ٥ / ٢٠١٢ .

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بـــــەیـــان ژمارە ( ٥١ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە:-

کردنەوەی ( کەرتی مانگیشی تەندروستی ) لە ناحیەی مانگیش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ١٠ / ٥ / ٢٠١٢

## بـــــەیـــان ژمارە ( ٥٢ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

گۆڕینی ( بەشی دەرونی ) بۆ ( سەنتەری سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان ).

لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ١٣ / ٥ / ٢٠١٢

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیـــــان ژمارە ( ٥٣ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە:-

یەکگرتنەوەی ( مەڵبەندی تەندروستی علی کمال ) و (کلینیکی ڕاوێژکاری شەهید دکتۆر هێرش) کە بەیانیان بە ناوی (مەڵبەندی تەندروستی علی کمال ) بێت و ئێواران بە ناوی ( شەهید دکتۆر هێرش ) بێت سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ١٧ / ٥ / ٢٠١٢

### بەیـــــان ژمارە ( ٥٤ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە:

گۆڕینی ( بنکەی تەندروستی گرتن و گواستنەوە ) بۆ ( مەڵبەندی تەندروستی گرتن و گواستنەوە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ١٧ / ٥ / ٢٠١٢

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیـــــان ژمارە ( ٥٥ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە :-
گۆڕینی (بنکەی تەندروستی ئاسایش) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی ئاسایش) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ١٧ / ٥ / ٢٠١٢

## بەیـــــان ژمارە ( ٥٦ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( مـاددەی شەشـەم / بڕگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە :-
گۆڕینی( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە ) بۆ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین )
لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢١ / ٥ / ٢٠١٢

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیـــــان ژمارە ( ٥٧ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( مـاددەی شەشـەم / برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە :-
کردنەوەی( هۆبەی خۆراك و ئەم یەکانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، گەرمیان ، ڕاپەرین ، شارەزوور .
لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢١ / ٥ / ٢٠١٢

- یەکەی توێژینەوە .
- یەکەی ڕاهێنان و فێرکردن و ڕۆشنبیری خۆراك .
- یەکەی پڕۆگرامەکانی خۆراك .

### بەیان ژمارە ( ٥٨ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لـە (مـاددەی شەشـەم / برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-
کردنەوەی (کۆمەڵگەی پسپۆری پزیشکی ددانی هەڵەبجەی شەهید ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گـشتی تەندروستی شارەزوور .
لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیان ژمارە ( ٥٩ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی ( مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستی شەهید مەحمود سێدەری ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧

## بەیان ژمارە ( ٦٠ )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

کردنەوەی (بەشی راوێژکاری نەشتەرگەری و شکان ) لە نەخۆشخانەی ئیمیر جنسی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧

## بەیان ( ٦١ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :

گۆرینی (هۆبەی ڕاگەیاندن ) بۆ (بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧

**د. ڕێکەوت حمە رشیدکریم**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم لله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم القرار : ٧**

**تأريخ القرار : ٢٠١٢/٤/٢٣**

## قرار

استناداً لاحكام الفقرة (٤) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان – العراق ، بجلسة المرقمة (١٠) المنعقدة بتأريخ ٢٠١٢/٤/٢٣ الاتي :

**أولاً :** لأداء السيد (د. عبدالله عبدالرحمن عبدالله) الملقب ب(ئاشتى هورامى) اليمين القانونية في الجلسة المرقمة (١٠) بتأريخ ٢٠١٢/٤/٢٣ يعتبر قرار منحه الثقة وزيراً للثروات الطبيعية في حكومة اقليم كوردستان – العراق في الجلسة المرقمة (٦) بتأريخ ٢٠١٢/٤/٥ ، نافذا اعتباراً من تأريخ ٢٠١٢/٤/٢٣ .

**ثانياً :** ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم لله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**
**رقم القرار : ٨**
**تأريخ القرار : ٢٠١٢/٤/٣٠**

## قرار

استناداً لاحكام الفقرة ( ١ ) من المادة ( ٥٦ ) من القانون رقم ( ١ ) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءً على ماجاء في جلسة برلمان كوردستان – العراق الاعتيادية المرقمة ( ١١ ) المنعقدة بتأريخ ٣٠ / ٤ / ٢٠١٢ الاتي :

**أولاً :** رفض المقترح بقانون ( منع التسول ) في أقليم كوردستان .

**ثانياً :** يعتبر القرار نافذاً من تأريخ اتخاذه في ٣٠ / ٤ / ٢٠١٢ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**